## مەمەد ئەکتاش:

# یەڵماز گۆنای کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە



مەمەد ئەکتاش سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیا و بەڕێوەبەری کۆمپانیای سینەمایی «میتۆس فیلم» سەبارەت بە فیلمی دیکۆمێنتاریی «ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە» The Legend of the Ugly King بە ژیانی سینەماکاری ناوداری کورد یەڵماز گۆنای (Yilmaz Güney) کە لە دەرهێنانی حوسێن تەباك سینەماکاری کوردی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیایە و لە دوازدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەما حەقیقەت Cinema Verite نمایشکرا، گوتی: «ئەم فیلمە لەسەر ژیانی یەڵماز گۆنای باوکی سینەمای کوردییە کە ماوەی حەوت ساڵ کاتی خایاند تاکو ئامادەبکرێت، زۆر خۆشحاڵم کە لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «سینەما حەقیقەت» پێشکەش کرا، سینەمای ئێران لە ئاستی دنیادا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و دەرفەتێکی باشە کە سینەماکارانی ئێرانی بە باشی یەڵماز گۆنای بناسن»، گوتیشی: «سینەمای ئێران بۆتە سینەمایەکی نێودەوڵەتی و ئێستا دۆستێکی باشی سینەمای کوردییە و



مەنسوور جیهانی

پێشوازیی یەکجار زۆری سینەماکارانی ئێران بۆ بینینی فیلمی دیکۆمێنتاریی (ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە) منی زۆر خۆشحاڵ کرد، سێ ساڵ پێش ئێستاش فیلمی سینەمایی «ڕەشەبا» لە فێستیڤاڵی جیهانی فیلمی فەجر نمایشکرا و هەمووی ئەم هەنگاو و پەیوەندییانەش زۆر دڵخۆشکەر و کاریگەن.

ئەم بەرهەمهێنەر کوردە سەبارەت بە کاریگەریی «یەڵماز گۆنای» لەسەر سینەماکارانی ئێران و جیهان گوتی: «لەگەڵ خوالێخۆشبوو «عەباس کیارۆستەمی» لە ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «کان»ی فەڕەنسا بە تێروتەسەلی قسەمان کرد، ئەو بە منی گوت کە فیلمی سینەمایی (ئومێد) لە دەرهێنانی «یەڵماز گۆنای» زۆر کاریگەری لەسەری هەبووە، هەروەها سینەماکارانی بەناوبانگی ئێرانی وەکوو (ئەمیر نادری و موحسین مەخمەڵباف) کاریگەریی ئەم سینەماکارە کوردەیان بەسەرەوە دیارە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. گوتیشی: «یەڵماز گۆنای یەکەمین دەرهێنەر بوو کە سینەمای کوردی بە دنیا ناساند، کاتێك کە ئێمە فیلمی دیکۆمێنتاریی ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکەمان ساز دەکرد، ئێلخاندرۆ گۆنسالێس ئیناریتۆ » Alejandro González Iñárritu دەرهێنەری مەکزیکی فیلمی سینەمایی «بابێل» پێی گوتین کە یەکەمین جار فیلمی «یۆڵ»ی لە سینەماکانی مەکزیك بینیوە، بڕیاریداوە کە ببێتە دەرهێنەر، مارتین ئیسکۆرسیزی بەرهەمهێنەر دەڵێ ئەگەر من پێش ئەوەی کە فیلمی «شۆفیری تاکسی-م ساز کرد، یەڵماز گۆنایم بناسیبایە، بە روانینێکی دیکەوە ئەم فیلمەم ساز دەکرد، دەتوانم بڵێم «یەڵماز گۆنای» کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای جیهان داناوە و تا ئێستاش لە قوتابخانە سینەماییەکاندا بەرهەمە هەرمانەکانی ئەو وەکوو وانەی خوێندن دەگوترێنەوە. ئەم بەرهەمهێنەرە بە ئەزموونە سەبارەت بە قۆناعی ئامادەکردنی فیلمی دیکۆمێنتاریی «ئەفسانەی پاشا ناشیرینەکە گوتی: «من پلانی سەرەتایی سیناریۆی فیلمەکەم نووسی و پاشان بە حوسێن تەباك-م دا، کە ئەوکات قوتابی (میشێل هانیکە Michael Haneke ) بوو و لە ئاکادیمیای ئەم سینەماکارە مەزنە سینەمای دەخوێند، ئەو کاتەی کە دەستم بە کاری سینەما کرد زۆرم حەز لێ بوو کە کارێك بۆ یەڵماز گۆنای بکەم، چونکە یەڵماز گۆنای لە سینەمای تورکیادا شۆڕشێکی ساز کرد، هەروەها دەستپێکی سینەمای کوردی بوو، کە وەکوو دەرهێنەرێك لە دنیای ئیسلامدا بۆ یەکەمین جار لە ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کان» لە وڵاتی فەڕەنسا خەڵاتی گەورەی زێڕینی (چڵە خورمای) بەدەستهێنا». گوتیشی: «تایبەتمەندیی هەرە گەورەی یەڵماز گۆنای ئەوە بوو کە ئەوکاتەی لە زینداندا بوو، لە بەندیخانەوە دیکۆپاژەکانی بۆ یاریدەدەرەکانی دەنارد و ئەوانیش فیلمی سینەمایی (یۆڵ)یان وێنەگرت و بەم شێوەیە دەرهێنانی بۆ ئەم بەرهەمە سینەماییە کرد.»

ئەکتاش لە درێژەی قسەکانیدا باس لە تواناکانی یەڵماز گۆنای دەکات و پێی وایە فیلمەکانی بە شێوەیەك سازکردووە کە هەر نەتەوەیەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیری بکات، خۆی و شوناسی خۆی تیایدا دەبینێتەوە، بۆیە ئەم سینەماکارە کوردە بە هۆی ئەندێشەی مرۆڤایەتییەوە ژیانی خۆی لەدەستدا.

بەڕێوەبەریی کۆمپانیای سینەمایی «میتۆس فیلم»ی ئەڵمانی سەبارەت بە وتەکانی (میشائیل هانیکە) Michael Haneke و (کۆستا گاوراس) Costa-Gavras لەبارەی کەسایەتی و پێگەی یەڵماز گۆنای گوتی: «یەڵماز گۆنای ئەو کاتەی کە لە فەڕەنسا دەژیا لەگەڵ کۆمەڵێك دەرهێنەر لە سینەمای جیهان پەیوەندییەکی دۆستانەی باشی هەبوو، کە یەکێك لەوانە (کۆستا گاوراس) بوو، یەڵماز گۆنای بە تەما بوو لە وڵاتی یۆنان فیلمێکی گەورە بەرهەم بهێنێت. ئەو دەرهێنەرە ناودارە یۆنانییەش بڕیار وابوو هاوکاریی بکات.» کۆستا گاوراس کاتێك کە باسی گۆنایی دەکرد، تەنیا دەگریا و گوتیشی: زۆر هەڤاڵی یەکتری بووین.»





# ٢٠٢٠ بۆ ماریا کاری نەهات بوو

خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراو ماریا کاری لە دوا شەوی ساڵی رابردوودا تووشی سوپرایزێکی ناخۆش هاتووە، کاتێك بینی ئەکاوەنتە تایبەتەکەی لە تویتەر هاك کراوە و هاککەرەکەش راستەوخۆ چەندین تویتی دوژمنکارانە و ناشیرینی دژی چەند کەسایەتییەك بڵاو کردەۆتەوە.

زیاتر لە ٢١،٤ ملیۆن کەس سەردانی ئەکاوەنتی ماریا دەکەن، شەوی سێشەممەی ٣١ی دیسەمبەری ساڵی رابردوو لە ناکاودا چەند تویتێکی سێکسی بڵاوکرانەوە بەتایبەتی دژی گۆرانیبێژی ناسراوی راپ (ئیمینیم) بێ ئەوەی راستەوخۆ ناوی بهێنرێت، بەڵام پیتی (N) نووسرا بوو، کە ئاماژەیەکی راستەوخۆ بوو بۆ ناوی ئیمینیم. دواتر گشت ئەو تویتانە سڕانەوە کە رۆژی سێشەممە بڵاوکربوونەوە، هەواداران و جەماوەری ماریا کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئەمە هەوڵێك بووە بۆ لێدان لە کەسایەتیی ماریا و نانەوەی ناکۆکی لەگەڵ چەند کەسێك لە ناوەندە هونەرییەکاندا. دوای رووداوەکە ئەو کەسانەی چاودێریی ئەکاوەنتی ماریا دەکەن تویتی تایبەتی خۆیان نووسی دەربارەی رووداوەکە، یەکێك لە ئەکاوەنتەکانی نووسی بووی: هاککردنی ئەکاوەنتی ماریا کاری تاوانێکی فیدراڵییە، پێشبینی دەکەم ئەنجامدەرانی سزا بدرێن.

تا ئێستا ئاشکرا نەبووە کە کێ لە پشت ئەو کارە بووە و خودی ماریاش هیچ کۆمێنتێکی لەسەر رووداوەکە نەبووە و هیچ لێدوان و وەڵامێکی بە دەزگاکانی میدیا نەداوە، بەڵام چەند کەسێکی نزیك لە ماریا ئاماژەیان بەوە کردووە کە رەنگە گروپێکی هاککەر بەناوی (چاکلینج سکوید) Chuckling Squad لە پشت ئەم کارەوە بن و هەر ئەوانیش بوون بەر لە ماوەیەك هەوڵیاندا ئەکاوەنتی جاك دۆرسیی سەرۆکی جێبەجێکاری تویتەر هاك بکەن.

لە لایەکی دیکەوە ماریا دوای ٢٥ ساڵ لە بڵاوکردنەوەی یەکەم گۆرانیی خۆی لە ئەمریکا توانیی پلەی یەکەم لە تابلۆی (بیلبۆرد هۆت ١٠٠) بەدەست بهێنێت، بەمەش دوور نییە ببێتە یەکەم گۆرانیبێژ کە بۆ ماوەی چل ساڵی لە دوای یەك ئەم پلەیە بەدەست بهێنێت.

# دیانا حەداد: ڕێگا نادەم هێڵە سوورەكانم ببەزێندرێن

دیانا حەداد یەكێكە لەو گۆرانیبێژە ناسراوانەی لوبنان كە ماوەی زیاتر لە بیست ساڵە لە بواری هونەریدا بەردەوامە، سەرەڕای ئەوەی كە لە ئیمارات و دوور لە وڵاتی خۆی دەژی، بەڵام تا ئێستا خاوەن پێگە و جەماوەری تایبەتی خۆیەتی.

دیانا حەداد دەربارەی دەرفەتەكانی ژیان دەڵێ: «تا ڕادەیەك ژیان دەرفەتی پێ داوم، هەرچەندە وەك هونەرمەندێك تەحەفوز، یان تایبەتمەندیم هەیە، هەندێك هونەرمەند هەمن جۆرێك لەخۆبایی بوون بەسەر ژیانیاندا زاڵە، سوپاس بۆ خودا من لەوانە نیم، بەڵام وەك گوتم هەندێك تایبەتمەندی و سنوور هەیە، ڕێگا بە كەس نادەم بیان بەزێنێت».

بیست ساڵ زیاترە دیانا لە بواری هونەریدا كاردەكات، دەربارەی پێشكەوتنەكانی ژیانیشی لەو ماوەیەدا دەڵێ: «هەمیشە وا دادەنێم كە من هەم، لەسەر زۆر ئاست پێشكەوتووم بەتایبەتی ژیانی تایبەتیم، ڕەنگە هەندێك كەس بە هەڵە لە من تێبگەن، بەڵام من دژی ئەو شەپۆلە پێشكەوتنەی ئێستام، چونكە پێموایە بەو شێوەیە پێش دەكەوم كە خەڵك قبوڵی بكات، زۆر پێشكەوتووم زۆریش پەرەم بە تواناكانی خۆم داوە، بەڵام كاتی ئەوە هاتووە لە خەڵك بپرسم ئێوە ئەو پێشكەوتنە و بارودۆخی ئێستای دیانا حەداد چۆن دەبینن؟».



# دیپیكا ستایشی شارۆخان دەكات

فیلمی (تشاباك) كە لە دەرهێنانی )مەگنا جولزار(ە نوێترین فیلمی خانمە ئەكتەری ناسراوی هیندی )دیپیكا بادۆكۆن(ە، كە تا ئێستا تەنیا لە كاتی نمایشی پرۆمۆی ریكلامی فیلمەكە وا دەردەكەوێت كە سەركەوتنێكی بەرچاو بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە بەردەوام لەلایەن جەماوەر و خۆشەویستانییەوە برووسكەی پیرۆزبایی پێ دەگات.

فیلمەكە باس لە ئافرەتانی قوربانیی ئەسید دەكات لە هیندستان، لە دیمانەیەكدا دیپیكای تەمەن ٣٣ ساڵ ستایشی فیلمەكەی كرد و گوتی: «باسكردنی ئەم جۆرە بابەتە ئاڵۆزانە كە لە هیندستان خەریكە دەبێتە دیاردە، هەنگاوێكی زۆر پێویستە و دەبێ هەموو لایەك بە جددی هەوڵ بدەن بۆ خستنە ڕووی هۆكارەكان و كاركردن بۆ نەهێشتنی دیاردەكە، لێرەدا پێویستە سوپاسی شارۆخان و دەزگا خێرخوازییەكەی (میر) بكەین، كە هەوڵ دەدات بۆ دووبارە شیاندنەوەی قوربانیانی ئەم دیاردەیە».

دیپیكا لە دیمانەیەكی گۆڤاری تایمز ئۆف ئیندیائاماژەی بۆ ئەوە كرد كە شارۆخان لەسەر ئاستی تاكە كەسی ئەم كارەی دەستپێكردووە، لەو بارەیەشەوە گوتی: « شارۆخان چەند ساڵێكە ئەم كارە دەكات، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باسی نەكردووە، پێموایە ماوەی چەند ساڵێكە یارمەتیی ماددی قوربانیان دەدات، دڵنیام ئەو ئارەزوو دەكات كاری زۆر گەورەتر ئەنجام بدات، ماوەیەك ون بوو و ئاگام لێی نەما، بەڵام بەم دواییە بەرێكەوت بینیم و گوێم لە هەواڵی كارەكانی دەزگاكەی بوو، بەتایبەتی لە سەروبەندی وێنەگرتنی فیلمی (تشاباك)».

بڕیار وایە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا فیلمەكە نمایش بكرێت و باس لە چیرۆكی ژیانی یەكێك لە قوربانیانی هێرشی ترشی ئەسید بە ناوی لاكسمی ئەگارۆل دەكات.

سەمیرە سەعید:

# خەونی من لە نواندنی شانۆ و سینەما بەسەر چووە



*** دەڵێن سەرەتا ئامادە نەبووی بەشداری لە بەرنامەی (زە ڤۆیس)دا بکەیت، ئایا وایە؟**

- راستە، سەرەتا داوایان لێکردم لە یەکەم وەرزی بەرنامەکەدا بەشداری بکەم، ئەوکات زۆر حەزم دەکرد بەشدار بم، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیلتیزامی هونەریی زۆرم هەبوو، وەك سازدانی ئاهەنگ و ئامادەکردنی چەند گۆرانییەك، کارێکی ئاسان نەبوو کە من بتوانم لە یەك کاتدا ئەم هەموو کارە ئەنجام بدەم.

*** ئەی دواتر چۆن رازی بووی بەشداری بکەیت؟**

-سەرەتا دوودڵ بووم، بەڵام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتمە ئەو راستییەی کە بەشداریکردنم لەو بەرنامەیەدا بۆ من زۆر گرنگە، چونکە یەکێکە لە پڕجەماوەرترین بەرنامە هونەرییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی عەرەبی، هەروەها دوای سێ ساڵ دەرکەوتمەوە و دەرفەتێکی باش بوو، مایەی شانازییە کە بتوانم دەنگ و بەهرەی نوێ هەڵبژێرم.

*** بۆچی ئامادە کردنی ئەلبوومێك لای تۆ سەختە و کارێکی زۆری دەوێ؟**

- ئەوە بە رێکەوت بووە، چونکە هەر ئەلبوومێك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەلبوومی (أيام حياتی)م پێشکەش کرد، دواتر بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕاو بەرهەمهێنەران دوورکەوتنەوە و ئامادە



نزیکەی پەنجا ساڵە خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی مەغریبی سەمیرە سەعید لە مەیدانی هونەری گۆرانیگوتندا لە نێوان مەغریب و میسر بەردەوامە، تا ئێستاش لە شێوە و روخساردا گەنجە و بەجۆش و خرۆشەوە گۆرانی دەڵێ و توانیویەتی خۆی لەگەل هەموو سەردەمەکاندا بگونجێنێت و جەماوەری خۆی لە دەست نەدات، سەمیرە سەعید لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری ریبات هاتۆتە سەر دنیا، سەرەتا خانەوادەکەی هاندەری بوون بۆ ئەوەی روو لە گۆرانیگوتن بکات، بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٦٨ کە تەمەنی نۆ ساڵ بوو دەستی بە گۆرانی کرد، بە ئەفسانەی هونەری مەغریبی ناسراوە.

سەرچاوە: (ئەلشەرق ئەلئەوسەت)

نەبوون هیچ کاری نوێ پێشکەش بکەن، منیش نەمدەزانی چی بکەم، بیرم لەوە کردەوە کە خۆم بەرهەمهێنەری کارەکانم بم، دواتر ساڵی ٢٠١١ شۆڕشی ٢٥ یەنایەر دەستی پێکرد، ناچاربووم چاوەڕێ بکەم، لێرەوە پێویستە جەماوەری من ئەوە بزانن کە دواکەوتنی هەر بەرهەمێکم پەیوەندیی بە منەوە نییە، بەڵکو بارودۆخە کە وا دەکات ئەلبوومەکانم دوابکەن.

*** کەواتە هونەرمەندان پەنا بۆ گۆرانی سینگڵ دەبەن بۆ ئەوەی ون نەبن؟**

- لە راستیدا سینگڵ چارەسەرێکی مامناوەند و جوانە بۆ خۆپاراستنی هونەرمەند لە دوورکەوتنەوە و ونبوون، تا ئەو کاتەی ئەلبوومێکی تەواو بڵاو دەکاتەوە و کەشێکی باش دروست دەکات بۆ مانەوەی پەیوەندیی نێوان هونەرمەند و جەماوەر.

*** گرنگترین ئەو ئاواتانە چین کە لە ساڵانی داهاتوودا کار بۆ هێنانەدییان دەکەیت؟**

- زۆربەی خەونەکانم لە ژیان بەدیهاتوون، یەك خەون مابوو کە نەمتوانی بەدی بهێنم، ئەویش شانۆگەریی گۆرانی و سینەما، بەڵام هەست دەکەم ئەو ئارەزووەم نەماوە، چونکە هەر کەسێك لە ئێمە لە کاتێکی دیاریکراودا خەونێکی هەیە، ئەگەر کاتەکە تێپەڕی و بەدی نەهات، ئەوا کاتی بەسەر دەچێت، ئێستا هەوڵ دەدەم تەنیا لە رێگای گۆرانییەوە خەونەکانم بەدی بهێنم، ئەویش بە گوزارشتکردن لە چەند کێشەیەك.

*** ترست لە تەمەن هەیە؟**

- بە هیچ شێوەیەك تەمەن بۆ من گرفت نەبووە و هەمیشە تەمەنی خۆمم ئاشکرا کردووە، دووبارەی دەکەمەوە لە ئێستادا تەمەنم لە سەرووی شەست ساڵییە و لە تەمەنێکی زۆر بچووکیشدا دەستم بە کاری هونەری کردووە، هەست بە ئاسوودەییەکی زۆریش دەکەم، چونکە شارەزاییەکی زۆرم لە گشت بوارەکانی ژیاندا پەیدا کردووە، کاری هەرە سەرەکیم لە ژیاندا ئەوەیە کە دایکێك بم بۆ شادیی کوڕەکەم کە شانازیم پێوە بکات و بۆ نەوەکانی داهاتوو باسم بکات، هەوڵ دەدەم کاتی خۆم بە شێوەیەك رێك بخەم کە هاوسەنگییەك دروست بکەم لە نێوان ژیانی هونەری و دایکایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ کوڕەکەم.

*** دوای دوو ئەزموونی سەرنەکەتووی ژیانی هاوسەری، ئێستا بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی ناکەیتەوە؟**

- هۆکاری سەرنەکەوتنی هاوسەرگیریی یەکەم لەگەڵ مۆزیسیانی میسری هانی مهەنا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردووکمان لە بواری هونەریدا کار دەکەین، بۆ من پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێك لە بواری هونەریدا کار بکات سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ناکۆکییە هونەرییەکانی نێوانمان دەگوازرایەوە بۆ نێو ماڵ و کۆتاییان نەدەهات، دواتر ژیانی هاوسەریم لەگەڵ مستەفا نابلسیی بیزنسمانی میسر بوو، بەڵام ئێستا هەردووکیان هاوسەریان هەیە و پەیوەندیی نێوانمان زۆر ئاساییە و یەکتریش دەبینین، من رێزم بۆ هاوسەریی هەردووکیان هەیە و نامەوێ لاپەڕە کۆنەکان هەڵ بدەمەوە و هەستیان بریندار بکەمەوە، من ئێستا لە تەمەنێکدام کە بەرپرسیاریەتیی کوڕەکەم لە ئەستۆ بگرم، هەروەها باوەڕ ناکەم هەڵە بکەم لە هەڵبژاردنی کەسێك، بە لای منەوە گرنگترین جۆری خۆشەویستی ئەوەیە کە بە رۆح بێت، ئەگەر هەستم بەو خۆشەویستییە بکردایە زۆر بە ئاسانی بۆ جاری سێیەم ژیانی هاوسەرێتیم پێك دەهێنا، بەڵام من بە تەنیایی راهاتووم و هیچ گرفتێکم لەم رووەوە نییە.